# د. محەمەد کەمال: مرۆڤێك خاوەنی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە بێت داهێنەرە



ئەیلول 6, 2020

**ژمارەی بینین: 287**

**فەرهەنگی پۆڵەتیک پرێس**

**د. محەمەد کەمال پسپۆری بواری فەلسەفە و مامۆستا لە زانکۆی مالبۆرن-ئوستراليا، ناوێکی دیار و ئاشنایە بە کتێبخانەی کوردی و خوێنەرانی بواری فەلسەفە، لەم دیدارەدا لەسەر چەند پرسێکی پەیوەست بە بایەخ و گرنگی فەلسەفە بۆ کورد کە تاچەند بیرکردنەوەی فەلسەفی دەتوانێت گۆڕان لە شێوەی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد دروستبکات، دواندوومانە. هاوکات لەبارەی توانا و توانستی زمانی کوردی بۆ نووسینی تێکستی فەلسەفی و جیاوازی فەلسەفە و زانست، هاوکات نزیک لە بیرکردنەوەی فەلسەفی خۆیان لەبارەی پرسی بوون و سروشت لەم سەردەمەی تەکنەلۆجیا تێیدا باڵادەستە گفتوگۆمان کردووە.**

ئا: هەرێم عوسمان

**ــ ئایا ئێمەی کورد توانیومانە فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆمان هەبێ؟**

ئێمەی کورد خاوەنی ئەندێشەی فەلسەفین، چوونکە وەک هەموو مرۆڤێک دەمانەوێت لە واتای بوون تێبگەین. شوێنی جوگرافیمان یارمەتی داوین پەیوەندی راستەوخۆمان لەگەڵ گەلانی دیکەدا هەبێت. بەڵام، لەهەمانکاتدا ئەو شوێنە، کە بە نیشتمانی کوردی دادەنێین بووە بە دەربەندی پەڕینەوەی لەشکرو خاکێکی داگیرکراو. ئێمەی کورد بەردەوام لە نێو کێشەی مانو نەماندا ژیاوینو دەرفەتێکی تەندروستمان نەبووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتو کۆمەڵگە مەدەنییەکانمان. ئەمڕۆ بەشێکی نیشتمانی کورد نیمچە دەسەڵاتێکی رامیاریو بەرقەراربوونی تێدایە. دروستبوونی ئەو کەژە رامیاریو رۆشنبیرییە، بیرکردنەوەی فەلسەفی تیایدا سەر هەڵدەداتو گەشە دەکات، هەرچەند ئێستا لە سەرەتایدایە.
گەشەکردنی بیرکردنەوەی فەلسەفی پێویستی بە سەربەستی بیرکردنەوە، دەزگای ئەکادیمی، کۆمەڵگای مەدەنی هەیە. بەڵام لە پێش ئەم قۆناغە سەرەتاییەدا مرۆڤی کورد لە ڕێگەی ئەدەب، عیرفانو تەسەوفەوە ئەندێشەو بیرکردنەوەی فەلسەفی خۆی دەرخستووە.

نەبوونی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە لای مرۆڤی کورد کۆستێکی گەورەیە و هەژاربوونێکی ڕۆشنبیری کوشندەیە، کە کۆمەڵێك گرفت لەو نەبوونییەوە پەلکێشی نێو کۆمەڵ دەکات. بیرکردنەوەی فەلسەفییانە، داهێنەرانە و ڕەخنەگرانەیە و لەسەر زەمینەی پرسیارکردن ڕادەوەستێت. نەبوونی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای مرۆڤی کورد مەرگی پرسیارکردن و کوشتنی داهێنانێتی. یەکێك لە قەیرانە گەورەکانمان نەك ناکارایی فەلسەفە بەڵکو نەبوونی بیرکردنەوەی فەلسەفییە. مردنی پرسیار و تاج دانان لەسەر لاساییکردنەوە و شوێن کەوتنی نەزانانە و کوێرانە و جوانەوەی ئەو چەمکانەیە، کە واتاکانیان لە ناپێویستیدا سواون. لەنێو ئەم بارودۆخەدا، هەوڵدان بۆ داهێنانی بیرکردنەوەی فەلسەفی لەم دووایی‌یەدا بە تایبەت لە باشووری کوردستان هاتۆتە پێش. بە ڕای من جێگەی دڵخۆشییە و لە هەمانکاتدا سەرەتاییە.

**ـ دەگوترێت فەیلەسوفی کوردمان هەبووە لەکۆندا ئەمە تاچەند ڕاستە؟ کێ بوون؟**

من نازانم ئەو فەیلەسوفە کوردانە کێن. من مێژوونووس نیم. ئەوەندە دەزانم، کە هیچ گەلێک بەبێ ئەندێشەو بیرکردنەوەو بیرۆکەی فەلسەفییانە نییە. چوونکە مرۆڤ گرنگ نییە کورد یان یۆنانی بێت، پرسیار دەکات، دەیەوێت لە بوونی خۆی و جیهان تێبگات.

**ــ ئایا فەلسەفە چەند دەتوانێت لە خەم و گرفتە گەورەکاندا چارەسەر ببینێتەوە؟ نەبوونی فەیلەسوف لەناو کورددا هۆکار نەبووە بۆ ئەم هەموو تەنگ و چەڵەمە سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی...هتدە؟ بوونی فەلسەفە چەند دەتوانێت، مرۆڤەکان ڕابهێنێت‌و ئەو باوەڕەیان لادروستبکات، کە ڕێز لەئازادی یەکدی بگرن‌و یەکدی ڕەتنەکەنەوە؟**

مرۆڤی کورد خاوەنی ئەندێشەی فەلسەفییە، بەڵام بیرکردنەوەی فەلسەفییانە تازەیە و سەرەتایەتی. ئەمەش پەیوەندی بە مێژووی کوردەوە هەیە، کە لەکۆنەوە گەلێکە خاکەکەی داگیرکراوەو ئەویش نامۆ بووە. دواتریش، سترەکچەری کۆمەڵایەتی و ئایینی تاکی کوردی خەفەکردووەو ڕێگەی پێنەداوە چارەسەری گرفتەکانی لە ڕێگەی فەلسەفەوە بکات یان باشترە بڵێین نەیتوانیوە ببێت بە خاوەنی بیرکردنەوەی فەلسەفی. ئەمەش بارودۆخێکی ئەوەندە شومە، کە تاك تیایدا داهێنەرانە و ڕەسەنانە ناژی. ئەگەر بیرکردنەوەی فەلسەفە بە داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە دابنێین، ئەوا بێگومان بوونی فەلسەفە بۆ مرۆڤی کورد دەبێت بە بناخە تاکو دەستەڵات و ڕەسەنییەتی خۆی لەسەر دامەزرێنێت و ببێت بەو بوونەی خۆی دەیەوێت. مرۆڤێك خاوەنی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە بێت داهێنەر و ڕەخنەگرە و بەردەوام پرسیارکردن سەبارەت بە نهێنییەکانی بوون لەلای سەر هەڵدەدات. مرۆڤێکە بەئاگا و بوونی خۆی ڕەسەنانە بەرجەستە دەکات و ڕێگەنادات نامۆ بکرێت. بیرکردنەوەی فەلسەفییانە ئاگاییە لە بوونی مرۆڤ و ناساندنی ئەو بوونەیە بە خۆی. بیرکردنەوەیەکە دژی تەلبەندکردن و سنوردانان بۆ دەربڕین و گەڕان بە دوای ڕاستییەکاندا.

**ـ ئێوە بە زمانی کوردی‌و بە ئینگلیزیش دەنووسن. نووسینی فەلسەفە بە زمانی کوردی زۆر زەحمەتە؟ کێشەکانی بە کوردی نووسینی فەلسەفە چین؟**

نووسین وابەستە بە بیرکردنەوەوە. ئەگەر مرۆڤی کورد فەلسەفییانە بیربکاتەوە دەتوانێت فەلسەفییانە بنووسێت. لەگەڵ ئەمەشدا من ناڵێم نووسینی دەقی فەلسەفی بە زمانی کوردی لە کێشە بەدەرە. لەبەر هۆکاری ڕامیاری زمانی کوردی، وەکو زمانەکانی دیکەی جیهان پێشنەکەوتووە و نووسەری کورد خەرمانی زاراوە فەلسەفییەکانی لەبەردەستدا نییە تاکو ڕاستەوخۆ سوودیان لێوەربگرێت. جگەلەمە ئێمەی کورد تاکو ئەمڕۆ کێشەی زمانی ستاندارد، خاڵبەندی و ڕێنووسمان هەیە.

**ـ زۆر نووسەری کورد جگە لە عەرەب‌و فارس‌و تورکەکان زمانی کوردی زۆر بە کەم دەبینن، دیارە ئەم خۆ بەکەم بینینە تەنیا بۆ زمان نا بەڵکو لە زۆر لایەنی تریش دروستە. بەڵام برادەرێکم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی ئێوەی کردو وتی کە هاتوون بۆ ئێران‌و لە کۆنفرانسی مەلا سەدرە تەنانەت لە کۆڕێکیشتدا لە زانکۆی کوردستان، ڕووبەڕووی مامۆستایەکی دیاری فارس‌و بەشێک لە کوردەکانی زانکۆی کوردستان بوونەتەوە کە زمانی کوردییان بە کەم گرتووە. ئەگەر لەبیرتان ماوە پێمخۆشە کە باسی ئەوە بکەن کە ڕوویداوەو بەگشتی لەسەر ئەم خۆبەکەم گرتنە بۆچوونتان بخەنەڕوو.**

ئەوانەی زمانی کوردی بۆ نووسینی دەقی فەلسەفی بە کەم و ناجۆر دادەنێن دەیانەوێت مرۆڤی کورد لەنێو (عەقڵیەتی کۆیلایەتی)دا بهێڵنەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد بوونی خۆی نەناسێت و لە زمان و نیشتمانی نامۆبێت، ئەگینا ئەوان شارەزای زمانی کوردی و کوردی زان نین. وەکو لە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، بیرکردنەوە و نووسین تەواوکەری یەکدین. ئەگەر ئێمە فەلسەفییانە بیربکەینەوە، ئەوا دەتوانین فەلسەفییانە بنووسین. ترس لە بیرکردنەوە بۆ گەشەکردنی زمان دەبێتە ڕێگر. دەرچوونی مرۆڤی کورد لە (عەقڵیەتی کۆیلایەتی بەسەردا سەپێنراو) پێویستی بە بیرکردنەوەی فەلسەفییە.

من لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ نووسینی کتێبێکم لەسەر فەلسەفەی مەلا سەدرە و بەشداربوونم لە کۆنفرانسێکدا چەند مانگێک لە تاران بووم و سەردانی سنەم کرد. کاتێک ڕووبەڕووی مامۆستایانی بەشی فەلسەفەی زانکۆی تاران دەبوومەوە و دەهاتینە سەر نووسراوەکانم لەسەر فەلسەفە بە زمانی کوردی ناڕاستەوخۆ گاڵتەیان بە هەوڵدانەکەم دەکرد و زمانی کوردییان بە کەم دادەنا. تەنیا دکتۆر کەریم موجتەهیدی حەزی دەکرد زۆرتر ئاگای لە هەوڵدانەکەم بێت و پەیوەندییەکی باشمان هەبوو. پاش گەڕانەوەشم بۆ ئوسترالیا چەند جارێک بە نامە پەیوەندیمان لەگەڵ یەکدا کرد و هەواڵی چالاکییەکانی دەپرسی.

لە شاری سنە، کاک بەختیار سەجادی و چەند هاوڕێیەک بۆ زانکۆی کوردستان بانگهێشتیان کردم و لەوێ کۆڕێکم بە زمانی کوردی بۆ مامۆستا و خوێندکاران بەست. هەندێک حەزیان نەکرد کۆڕەکە لەسەر بابەتێکی فەلسەفی بە کوردییە،

بۆیە یەکێک پرسی، کە من چەند مانگێکە لە ئێرانم بۆچی بە فارسی نادێم و حەزی دەکرد بزانێت چەند فێری فارسی بووم. من زانیم مەبەستی پرسیارکردنەکەی چییە، چونکە پەیوەندی بە ناوەڕۆکی باسەکەمەوە نەبوو. گوتم، لە ئێران عەرەبییەکەم باشتر بووە. خوێندکارە کوردەکان لە وەڵامەکەم تێگەیشتن و پێکەنین، ئەوەی پرسیارەکەی کرد، بە توڕەییەوە هۆڵەکەی جێهێشت.

**ـ گەنجانێکی زۆرمان هەن رقیان لە کوردبوونی خۆیانە، شتێکتان هەیە پێیان بڵێن؟**

کوردبوون فاکتۆری دازاینی کوردە و فڕێدانی ئەم دازاینەیە لەنێو جیهانی بە کوردبوون. ڕقبوونیش لەم فاکتۆرەی دازاینی کورد لەلایەن هەندیک گەنجەوە هۆکاری سیاسی و سایکۆلۆجی هەیە. دەربڕینی ئەم جۆرە هەڵچوونە و بێزارییە لە کوردبوون پەیوەندی بەو بارودۆخە نامۆیەوە هەیە کە (ئەمڕۆ) مرۆڤی کوردی تێدا دەژی. دەشێ هۆکارە سایکۆلۆجییەکەشی بۆ هەست بە کەمیکردن، وەکو کورد بگەڕێتەوە، لە کاتێکدا دازاینی کورد خۆی لەگەڵ دازاینەکانی دیکەدا بەراورد دەکات.

**ـــ جیاوازی نێوان فەلسەفە لەگەڵ زانست چییە؟ بۆ نمونە بە بابەتکردن لە زانست و فەلسەفەدا جیاوازی چییە؟ ئایا بە بابەتکردن لە فەلسەفەدا رووپەکی ئینسانی هەیە و زانست ئەو لایەنە ئینسانیە لەبەر دیدە ناگرێت؟**

چەند جیاوازییەکی بنەڕەتی هەن. یەکەم، بابەتی بیرکردنەوەی فەلسەفی بوونە بەگشتی و لەوێوە دێینە سەر بەشەکان. بەڵام زانست هەمیشە لە بەشێکی بوون دەکۆڵێتەوە. بۆ نمونە فیزیک، بایەلۆجی، دەروونناسی... لە بەش دەکۆڵنەوە. ئاکامەکانیشیان بەردەوام ئەزموونگەرایە. زانایەکی کیمیا لە ڕێگەی ئەزموونەوە دەتوانێت پێمان بڵێت ئاو لە ئۆکسجین و هایدرۆجین پێکهاتووە. ئەمە ئاکامێکی ئەزموونگەرایانەیە. بەڵام لە فەلسەفەدا ئەو جۆرە ئەزموونگەرایەتیەمان نییە، من ناتوانم بوون وەک بابەتێک بیەمە تاقیگەیەک و بڵێم ئەم رەنگ و تامو بۆنەی هەیە. هاوکات میتۆدیان جیاوازە. لە هەمانکاتدا زانست بەردەوام وەسفدەکات. بۆ نمونە من دەڵێم ئاو ئۆکسجین و هایدرۆجینە لەمە زۆرتر تەفسیرناکرێت. بەڵام لە فەلسەفەدا ئێمە ڕاڤەدەکەین. ڕاڤەکردنەکان زۆرکات دەکەونە سەر بۆچوونی تاکەکەسەکان. بەڵام لە زانستدا وەسفکردنەکان ناکەونە سەر بۆچوونی زانستکار، بەڵکو پەیوەندی بە ئاکامی تاقیکردنەوەکەوە هەیە.

**ـــ خۆ دەرخستنی بوون لەم سەردەمەدا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە. ئایا ئێوە لە پرۆژە فەلسەفییەکان و بەتایبەت کتێبی ''فەلسەفەی بوون'' رەچاوی ئەم گۆڕانەتان کردووە؟**

بوون بەردەوام خۆی دەردەخات. خۆدەرخستنەکانیش بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت. بەڵام ئەمە دەکەوێتە سەر ئەوەی ئێمە چۆن ئەو خۆدەرخستن و دیاردەیە دەناسینەوەو خوێندنەوەی بۆ دەکەین. ئەمڕۆ لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا، کە ئاکامی فەلسەفەی تازەگەرییە، بوون بۆ ئێمە خۆی دەرخستووە. بەڵام ئێمە دەڵێین ئەو خۆدەرخستنەی بوون یان ئەو دیاردەیەی بوون سروشتە. سروشتیش بۆ ئێمە لە ئاگاییەوە جیاوازە، کەواتە شتێکی دەرەکییە و دەبێت داگیریبکەین و بیکەین بە بەشێک لە بوونی خۆمان. یاخود ئەو سروشتەی هەیە، ئێمە ناوی دەنێین سروشت دەنا خۆی دیاردەی بوونە. ئەو سروشتە دەبێت وەک سامان بەکاربێت. ئەمە بۆچوونی تازەگەرییە بۆ سروشت یاخود بۆ ئەو دیاردەیەی بوون. بیرکردنەوە فەلسەفییەکەمان وایکردووە دیاردەی بوون بەکاربهێنین بۆ خۆمان و تەفسیرێکی جیاوازی بۆ بکەین، بەو شێوەیە نەیبینین کە لەسەدەکانی پێشودا بینراوە. ئەمە لەهەموو قۆناخ و سەردەمێکدا ئەم خوێندنەوانەی بۆ دەکرێت. بەڵام بوون بەردەوام خۆی دەشارێتەوەو خۆی دەردەخات. دیاردەی جیاواز نیشانی ئێمە دەدات. ڕاڤەکردنی ئێمە بۆ ئەو دیاردەیە لەهەموو سەردەمێکدا دەگۆڕێت. ئەمڕۆ سەردەمی تەکنەلۆژییە و تەکنەلۆژیانە ڕاڤەی ئەو دیاردەیە دەکەین، کە پێی دەڵێین سروشت و دیاردەی بوونە.

**ـــ ئایا ئێوە هەوڵتانداوە بەپێی گۆڕانی سەردەم و لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای سەردەمەوە تەفسیری دیاردەی بوون نەکەن؟**

بێگومان. یەکێک لە هەوڵدانەکانم بە درێژایی کارەکانم و لە کتێبی فەلسەفەی بوونیشدا بە تایبەت، ئاماژەکردنە بۆ ''بوون'' وەکو نیشتمان. هیچ کەسێکیش لەنێو نیشتماندا هەست بە غەریبی ناکات. هیچ کەسێک نیشتمانی خۆی وێران ناکات. پەیوەندی من بە نیشتمانەوە یان بە بوونەوە پەیوەندییەکی زەرورییە. ناتوانم خۆم لەنیشتمان یان نیشتمان لە خۆم جیابکەمەوە. کە تۆ تێگەیشتنێکی بەمجۆرەت بۆ دیاردەی بوون یان سروشت هەبوو، هەوڵدەدەیت بە نیگەرانیەوە لە دەوروبەرت بڕوانیت، بەنیگەرانییەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو هەبووەکان بکەیت.

**ـــ ئاماژەت بە شتێکی گرنگدا. سەردەمی تەکنەلۆژیا بەرهەمی تازەگەرییە. واتە ڕاڤەکردنی بوون لە ئێستادا بەرهەمی تەکنەلۆژیاو تازەگەرییە. بەڵام ئەم ڕاڤەکردنەی ئێوە دوورە لەو ڕاڤەکردنە تەکنەلۆژییەوە. ئایا ئەم ڕاڤەکردنە نوێیە تاچەند ئەتوانێت گۆڕانی گەورە لە کەلتوورو ژیان و دۆخی کۆمەڵگەو تاکدا بهێنێتە ئاراوە. تاچەند دنیابینی مرۆڤەکان بەرامبەر بە دیاردەکانی بوون گۆڕانی بەسەردادێت، لە سایەی ئەم ڕاڤەکردنە نوێیەوە؟**

ئەگەر ئێمە توانیمان ئەم ڕاڤەکردنە بە ژینگەوە ببەستینەوە، ئەوکاتە دەگەینە ئەو باوەڕەی ژینگە نیشتمانی ئێمەیە، بەشێکە لەبوونی من و تۆ. تۆ ناتوانیت وێرانی بکەیت، چونکە لەگەڵیدا بوونی خۆت وێران دەکەیت. ئەمە ڕاڤەکردنێکی نوێیە بۆ ژینگە. دووەمیش بەو ئاکامە دەگەیت، کە بوونی مرۆڤ لە هەموو شتێک گرنگتر نییە. بەڵکو هەموو شتەکانی دیکەش گرنگن. تەنانەت بوونی مێروو باڵندەکان گرنگن. مرۆڤ ئەو بوونەوەرە نییە لەنێو سەنتەری گەردوندا بەتایبەتی دانرابێت، ئەو سەرپەرشتی هەموو شتەکان بکات و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بهێنێت. ئێمەی مرۆڤ بەشێکی ئاگامەندین لەبوون. کاتێک ئێمە ئاگامەندانە دەڕوانینە بوون، پێویستە بە نیگەرانیەوە تەماشای دەوروبەری خۆمان بکەین.

دەوروبەرمان بپارێزین، نیشتمان بپارێزین. ئەمجۆرە راڤەکردنە بۆ بوون، لەو بڕوایەدام گۆڕانکاری گەورە دەهێنێتە ئاراوە.